سەرکی هەرەمی کوردستان پێشوازی لە شاندێکی ئێرانی کرد

ئەوارەی ئەمڕۆ پێنجشەممە، نێچیرڤان بارزانی، سەرکی هەرەمی کوردستان پێشوازی لە شاندێکی ئێرانی کرد کە لە پارێزگارانی پارێزگاکانی هاوسنووری هەرەمی کوردستان و ژمارەیەک لە نوێنەرانی ناوچەکە لە پەرلەمانی ئێران پێکهاتبوو.

لە کۆبوونەوەکەدا بەپێی ڕاگەیاندراوی سەرکایەتی هەرەم، هەردوولا خۆشحاڵییان بە ئاستی پێوەندییەکانی نێوان هەرەمی کوردستان لەگەڵ کۆماری ئیسلامیی ئێراندا دەربڕی و جەختیان لە فراوانکردنی جووڵەی بازرگانی و هاتوچۆ و گواستنەوە لە دەروازە سنووریەکان کردەوە، هەروەها چەند پێشنیارێک بە زیادکردنی گەشتی ڕاستەوخۆی ئاسمانی و فراوانکردنی زیاتری هاریکاریی لە بوارەکانی پزیشکی و گەشتیاری، لەگەڵ کردنەوەی ناوچەی بازرگانیی ئازاد لەنێوانیاندا تاوتوێ کرد.

هەردوولا هاوڕا بوون لەسەر ئەوەی کە هاوبەشییەکانی هەرەمی کوردستان و کۆماری ئیسلامیی ئێران زێڕن و خواستی دوولایەنەیان بە بڕەودان بە هەموو بوارەکانی پێوەندی و هاریکاریی هاوبەش دووپات کردەوە.